# ڕێنیسانسی فەلسەفەی زانست

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

١- بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی فەلسەفەی زانست، دەستپێکی سەرەتای زانستی نوێ بە دوو خاڵی سەرنجڕاکێش کارابووە:

- شۆڕشە زانستییە گەردوونییەکەی نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣ز)، کە لە ساڵی (١٥٤٣ز)دا کتێبێکی شۆڕش ئامێزی بڵاوکردۆتەوە تێیدا سیستمێکی (نەزمێکی) نوێی گەردوونی داناوە سەرتاپا و بە تەواوەتی بە پێچەوانەی بیروبۆچوون و جیهاندیدی پێش خۆی بووە، لەوەدا ساغی کردۆتەوە، یان کۆشاوە دووپاتی بکاتەوە کە زەوی بە دەوری ڕۆژدا (خۆردا) دەسوڕێتەوە، ئەو هەوڵە کاردانەوەی سەرتاپاگیریی فەلسەفەیی و ئایینی و زانستی وروژاندووە.

- ڕێنیسانس و لە دایک بوونی فەلسەفەی زانستی نوێ یاخی بوون بووە لە جیهاندیدی فەلسەفەی سروشتی ئەرستۆ!

تا چەند ئەو دوو خاڵە ڕاستییان پێکاوە؟ ئایا ئەو دوو هەنگاوەی کۆپەرنیکۆس (کە خۆی ڕابەرێکی کڵێسە و ئایینی عیسا بووە) لەگەڵ بەگژداچوونەوەی فەلسەفەی سروشتی مامۆستای یەکەم بەبێ پێشەکی و ڕەوش و زەمینە ڕەخساندن بوون، یان هەلومەرجی دیار و بەرچاو بوونەتە مایەی دەرکەوتنیان؟ ڕۆڵی فەلسەفە لەو کایەیەدا چی بووە؟ هیچ گومان لەوە ناکرێ کە زانست لە باوەشی فەلسەفەدا گۆشکراوە، بەڵام ئەو ڕاستییەش دەرفەتی سێ و دوو لێ کردن و ئەگەر نادات کە فەلسەفە خۆی چالاکییەکی سەرنجدان و ڕامان و شیکردنەوە و ڕەخنەگرانەیە، بەڵام زانست لەلای خۆیەوە چالاکییەکە پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و هەڵکەوت دەبەستێ!

بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشە پتر ڕوونبکرێتەوە و وەڵامی پرسیارەکان بدرێنەوە و کێشە سەختەکان کاڵ بکرێنەوە و دەرفەتی کردنەوەی گرێیەکان بڕەخسێ وا پێویست دەکات

سەرنج لەو هەلومەرج و ڕەوشە بدرێت کە پێشتر ڕێگر بووە و دواتر زەمینەی سەرهەڵدان و شین بوونی ئەمامی ئەو لەدایک بوونە نوێیەی زانست بووە.

٢- فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو دوو سەرچاوە هەمەڕەنگە بوون، بەشێوازی جیاواز، ئارێ، نارێ، پەسندکردن و ڕەتکردنەوە و ڕەخنە لێ گرتن، ئەو کولتوور و شارستانی و فەلسەفەی زانستی سەردەمیان لێ کەوتۆتەوە، ئەو کولتوورەی مایەی شانازیی تێکڕایی مرۆڤایەتییە، چونکە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لووتکەی پەرەسەندنی چالاکی ژیری و گیانیی مرۆڤی بەرجەستە کردووە.

- لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جگە لە بیرۆکەی داهێنان (خەلق) کە لە سفری یەکەم (پەیدابوون)ی تەوراتی مووساییدا هاتووە و بە پشکی سەرەکی ئینجیلی عیسایی هەژمار کراوە، لەوێدا هاتووە کە ڕەب لە شەش ڕۆژدا دنیا- جیهان- مرۆڤی داهێناوە و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی داوە، بۆیە حەفتە حەوت ڕۆژە، ئەمە بنەمایەک بووە لەگەڵ جیهاندیدی سروشتی میتافیزیکی ئەرستۆ و شاکاری ماجستی پەتلیمۆس Almagest پشتیان پێ بەستراوە و لێیانەوە ئەو جیهاندیدە ڕەنگ ڕێژراوە کە بە جیهاندیدی سروشتی سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوە. بەپێی ئەو جیهاندیدە زەوی ناوەند و چەقی گەردوونە و ئەستێرەکان و مانگ و خۆر سەر بە ئەون.

هەر بەپێی ئەو جیهاندیدە ئەگەر دونیەی تەوراتی جوولەکە مرۆڤ بووە بە ئامراز، ژیانی پێ بەخشراوە، بەدرێژایی ژیانی دەبێ بچێتە ژێر باری ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی قورس و گران و سەخت، دەرچوون و دەرنەچوونی لە ژیانی دوای مردن، لە جێگایەکی ئەفسانەوی دڵڕفێن، یان لە جێگایەکی تر کە بۆ سزادان دانراوە پلەوپایەی خۆی دەبێ. ئەو تاقیکردنەوەیە ئەوەندەی تر بەوە سەخت کراوە کە ناخی دەروون و هێزی بوونەوەرێکی سنوور و کات و جێگا بەزێن لێی لە سەنگەر و کەمیندان و سەرگەرمی تەفرەدان و بە هەڵەبردنین!!. لە کاتێکدا توانایی زانین و زانستی مرۆڤ بەرتەسک و سنووردار کراون، لە کرداریدا کە دوو چەمکی چاکەکاری و بەدکاری بەرانبەر بە دوو وشەی عەرەبی (خێر و شەڕ) بۆ هەڵسەنگاندن و پۆلێن کردنی دانراون، جۆرە ئازادییەکی دەڵەمەیی و ڕوخسارییی پێ بەخشراوە!

٣- هەردوو چەمکی کات و جێگا کە دوو بابەتی سەرەکی فەلسەفەی سروشت- زانستن گۆڕانیان بەسەردا



**دیکارت**

هاتووە:

تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش چەمکی جێگا پشتگوێ خراوە، کەچی چەمکی کات هێنراوەتە سەر خوانی باس و قسە لێکردن، بەڵام ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی لێ زەوت کراوە، سروشتێکی تری پێ بەخشراوە. بەپێی سەرچاوەکان ڕابەری ئەفلاتونیزمی نوێ ئەفلۆتین (٢٠٤- ٢٧٠ز) کە دەکرێ بە جۆرە دەستپێکێکی سەدەکانی ناوەڕاست دابنرێت(١)، خۆی قوتابی فیلۆنی جوولەکە و مامۆستا و هەڤاڵی فەرفۆریۆس بووە، لە شاکاری نۆنۆیی دا Enneaden کە بە عەرەبی ناوی (تاسوعات)ی لێنراوە، لە دیالۆگی تیمائۆسی ئەفلاتونەوە. جیهانی ئایدیا- فۆرمی گۆڕیوە بە جیهانی نەمریی! بەرانبەر (دنیای دوای مردن) کە لە (ئایینە گەردوونییەکاندا باسی لێکراوە). ئەفلۆتین وای بۆ چووە کە ناکرێ کات و بزووتنەوە بە یەک چاو تەماشا بکرێن و وەک یەک دابنرێن، چونکە بزووتنەوەی جیاواز و هەمەجۆر هەیە، بەڵام تەنیا یەک کات هەیە و لە ئارادایە، بۆیە کات بزووتنەوە نییە، بەڵام بزووتنەوە لە کاتدا دەقەومێ و بەبێ ئەو نابێ. کات درێژەکێشان و بەردەوامی بزووتنەوەیە(٢). ئەگەر گوترابێ کات پێوەری بزووتنەوەیە مەبەست بەردەوامی بزووتنەوەیە لە کاتدا. ئەو پێناسەکردنەی کات بە شێوازێکی تێروتەسەلتر لەلای سانت ئۆگۆستین (٣٥٤-٤٣٠ز) بە تایبەتی لە شاکاری دانپێداناندا -بەشی یازدە- بەرچاو دەکەوێ. ڕابەری

کلێسەی مەسیحی پرسیویەتی: ڕەب پێش ئەوەی جیهان دابهێنێ چی کردووە؟ لە سۆنگەی کاتەوە پێش داهێنانەکە چی ڕوویداوە؟! ئەگەرچی ئەو دوو پرسیارە هەر لە سەرەتاوە بوونی کاتیان گریمانە کردووە، چونکە وشەی (پێش)یان بەکارهێناوە ئەو وشەیەش خۆی ئاماژەیە بە کات، بەڵام ئۆگۆستین ئەو دوو پرسیارە بە نادروست دەزانێ، چونکە گومان لە بڕیار و خواستی بێ سنووری ڕەب دەوروژێنن! ئینجا بە بۆچوونی ئەو فەیلەسووفە لاهووتییە داهێنانی (ژیان و جیهان) بەبێ کات نابێ و هەر لەو پرۆسەیەدا کات داهێنراوە، کەوابوو شتێک نییە پێی بوترێ (پێش) داهێنان، چونکە داهێنان بەبێ کات نابێ! بەڵام تائێستا بە تەواوەتی ڕوون نەبۆوە کات چییە و چۆن پێناسە دەکرێ؟

سانت ئۆگۆستین گوتوویەتی:

«خۆ ئەگەر یەکێک لێم بپرسێ، کات چییە؟ دەمەوێ بۆ پرسیارکەرەکە ڕوونی بکەمەوە: من نازانم چییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو لافە لێدەدەم کە دەزانم ئەگەر شتێک- نەگوزەرابێ- ڕابوردوو بوونی نابێ، ئەگەر شتێک نەیەت دواڕۆژیش نابێ، ئێستای تێنەپەڕ بوونی نابێ ئەگەر بوون و بوونەوەر نەبێ(٣)»

لەو قسەیەی ئەو لاهووتییەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر مرۆڤ قسە لە کات بکات سێ ڕەهەند دێنە پێشەوە، ڕابوردوو ئێستا و دواڕۆژ. ڕابوردوو تێپەڕیوە و لە یاد و یادگار بەولاوە هیچی تری لە یاد نییە، مرۆڤ هیوا و ئاواتی هەیە، بۆیە دەبێ دواڕۆژ هەبێ، ئێستاش هەست بە بوون دەکرێ، کەوابوو لە هەست و هۆش و ناخی دەروونی مرۆڤدا بنەمای بوونی کات هەیە. ئەو لێکدانەوەیە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بوونی کات بوونێکی دەروونییە و لە ناخی دەروونی مرۆڤدایە.

ئەگەر مرۆڤ ئەو بۆچوونەی ئۆگۆستین هەڵبسەنگێنێ، دەکرێ بوترێ ئەو فەیلەسووفە بوونی کاتی ساغ و پشت ڕاست نەکردۆتەوە، بەڵکو پێی لەسەر هەبوونی هەست و هەستکردنی دەروونی بە بوونی کات داگرتووە، ئەمەش بایەخێکی زانستی نییە و پتر پاساودانی بیرۆکەیەکی ئایینییە کە لە تەوراتدا هاتووە و عیساییەکان پەسندیان کردووە.

٤- ئایینەکان بەگشتی و هەرسێک ئایینەکانی گەردوون، بە تایبەتی ڕەنگی جیهاندیدێکی سەرتاپاگیری ئەوتۆیان ڕشتووە بە تەواوەتی پشت کردنە زانست و لەبەرچاوخستنی ژیانی دنیابووە. ئەو نەزمە ئایینییە کە لە دواییدا (شەریعەتی) لێکەوتۆتەوە، بەپێی هەلومەرجی سەردەمی هەر ئایینە کۆششی ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کراوە بەجۆرێک زەمینەی گۆڕینی کۆمەڵگا خۆشبکرێت، ئایینەکە جێگیر ببێ و مرۆڤ بەوە ڕازی بێ کە بەند و کۆیلەی هێزێکی سەرووسروشتییە و ئەو بەندێتییە ئەرک و ئۆباڵی دیاریکراو دەخاتە ئەستۆی. ئەو ڕەوشە پێگەی مرۆڤ لە ژیان و چارەنووسی لەدواڕۆژ و پێوەندی لەگەڵ هێزە ترانسندینتالە سەرووسروشتییەکە دیار و دەستنیشان کردووە. ئایا ئەو جیهاندیدە دەچێتە خانەی فەلسەفەی سروشت- زانستەوە؟! ئەگەر ڕەوش و هەلومەرج و بارودۆخی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگیرێ کە هەموو شتێک لینگەوقووچ کراوەتەوە، پرسیارەکە پتر سروشتی ڕەخنەگرتنی هەیە تا ڕادەیەک کاڵ دەبێتەوە!

بەپێی بنەما بنەڕەتییەکانی ئەو سێ ئایینە (کە خۆیان بە پەیامێکی سەرووسروشتی داناوە) لە ڕێگای مەسیجێکی سەرووسروشتییەوە کە بە (وەحی) ناسراوە و لە کوردیدا وشەی (سروش)ی بۆ ڕۆنراوە، ڕێنمایی شەریعەتیان هێناوە تێیدا ماف و ئەرکی سەرشانی مرۆڤیان دیار و دەستنیشان کردووە. پتر لەوەش ئەوی ئەو ئایینانە ڕایان سپاردووە و ڕێنوێنیان کردووە بە چاکەکاری (خێر و فەزیلەت) و ئەوی نەیان کردووە بە (شەڕ) و بەدکاری دانراوە(٤).

دوور نییە بگوترێ ئەو ئایینە گەردوونیانە لەسەرەتادا پێشکەوتنخواز بوون، چونکە پێوەندییە ئابوورییە- سیاسییە- کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای بەند و کۆیلایەتییان هەڵوەشاندۆتەوە، هەنگاو بە هەنگاو بەردی بناغەی کۆمەڵگای دەرەبەگی- فیۆدالییان داناوە. ئەو بۆچوونە لەلایەکەوە پەسندە، بەڵام نابێ لایەنەکەی تری لەبەرچاو نەبێ. مرۆڤ جاران ئەگەر بەند و کۆیلەی خاوەن کۆیلەیەکی دیار و ئاشکرا بووبێ، ئەوان کردیان بە بەند و کۆیلەی هێزی سەرووسروشتی نادیار کە هیچ شتێک لە وێنەی نییە!

٥- ئایین کەسێکی دیار و دەستنیشان کردووە کە ڕابەریتی دەکات و بە پەیامبەر ناوبراوە، پەیامێکی ئاکاریی پێ سپێردراوە. ڕەب خۆی بووە بە خودانی ئاسمان و زەوی و هەرچی هەیە و نییە و ئەوەی لەدوا ڕۆژیشدا پەیدابێ. ئەو خەمخۆرە و بەختەوەریی و چاکەی بەندەکانی دەخوازێ و داوا لە گوناهکاران و بەهەڵەچووان دەکات پەشیمان ببنەوە و بەدڵێکی پاکی تۆبە کردوو داوای لێ بوردن و لێ خۆشبوونی لێ بکەن.

ئایین لە بەرانبەر ئەرکی دیاریکراوی (نوێژکردن، ڕۆژووگرتن، باج، زەکات، بەخشین، چوون بۆ حەج) کە بە مرۆڤی سپاردوون، بەڵێنی ماڵ (جیهانێکی) ئەفسانەوی

دڵڕفێنی پێداون کە بە (بەهەشت) ناوی بردووە و هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە لە ژیاندا مرۆڤ لێیان بێ بەش کراوە.

– ڕاستە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ناکرێ لە خانەی زانست و مێژووی پەیدابوون و پەرەسەندنەکەیدا پۆلێن بکرێت، بەڵکو بابەتێکی دیکەی دەرکەوتنی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە و خەسڵەت و سروشتی ناچاریی هەیە، نەدەبوو وانەبێ، یان بەجۆرێکی دیکە بێت دیاردەیەکە هەمەڕەنگی و زیندوویی ژیان و ڕەهەندە قۆناغییەکانی بەرجەستە دەکات، بەڵام تاڕادەیەک ڕێگری پەرەسەندنی خوازراو بووە، بەخشینی خەسڵەتی سەرووسروشتی بە ئایین ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی ژیانی ڕۆژانە و هەموو جۆرە ئۆباڵکێشانێک لەلایەن مرۆڤەوە و چوونە ژێر باری بەرپرسیارێتی کاڵ دەکاتەوە، چونکە خواستی ئازاد ئەگەر پەک نەخات، ئەوە تەنیا ڕۆڵێکی ڕوخسارەکی پێ دەبەخشێ. ئەو کەسانەی لە بەند و کۆیلایەتی ڕزگار کراون، ئەوانە بوون کە هاتوونەتە نێو ئایینەکەوە! بڕوا بوون بە ئایینێک نابێتە مایەی ئەوەی مرۆڤەکە بە ناچاریی پابەندی بنەما و ڕێنماییە ئاکارییەکانی ئایینەکە بێ. بە پێچەوانەوە ناچارکردنی مرۆڤ بۆ پابەندبوونی بەناچاری بە ئەو بنەما ئاکاریانە بە هەند نەگرتن، بگرە لاواز کردنی مەسەلەی ویژدانی مرۆڤەکەیە! ئیمانداری و پابەندبوون بە بنەما ئاکارییەکانی ئایینەکە، لەلایەکی دیکەوە، باوەڕ نەبوون (بێ ئیمانی) و پابەند نەبوون بە بنەماکا گشتییەکانی ئاکارەوە بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆجیک پشت ڕاست ناکرێتەوە و پاساو نادرێت. مەرج نییە ئیماندار هەمیشە چاکەکار و ڕەوشت جوان بێ، هەر بەو شێوەیە خۆی مەرج نییە ئەوی باوەڕی بە ئایین نەبێ مرۆڤێکی بەدکار بێ! مرۆڤی ڕۆشنبیر لە سزاو گرتن ناترسێ، بەڵکو ویژدانی خۆی کردووە بە پێوەر و سەرپشک و وای لێ دەکات چاکەکار بێ!

لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا پێ لەسەر ئەو داگیراوە، ئایین بۆ ئەوە هاتووە دادپەروەریی ڕەببانی لە جیهاندا جێگیر بکات، کەچی لەو شوێنانەی ئایین دەستبەکار بووە بەدەگمەن نەبێ داد و یەکسانی و ئازادی و خۆشگوزەرانی هەستی پێ نەکراوە! بەپێچەوانەوە کۆمەڵگا ئایینییەکان هەژاری، ستەم، زۆر و جەور، جیاوازی چینایەتی و بێ دادیی و نەخۆشی و نەخوێندەواری و دوورکەوتنەوە لە بنەماکانی شارستانیەتی مرۆڤ پەروەر و زانست خەسڵەت و سروشتی گەوهەری سەرەکییانە، کەواتە چ پاساوێک بۆ هاتنی ئایین دەمێنێتەوە و چ پاکانەیەکیان بۆ دەکرێ؟!

٦– ئەگەر مرۆڤ ئەو جیهاندیدەی سەدەکانی ناوەڕاست بەرانبەر بە زانستی نوێ دابنێ کە لە ڕێنیسانسەوە سەرقافڵەی کاروانەکەی لە ئاسۆوە سەری دەرهێناوە و دەرکەوتووە هەندێک ڕاستییان بۆ دەردەکەوێ کە لە بەراوردکردن نایەن، بەڵام لەو ڕاستییەش کاڵ نابێتەوە کە ئەو زانستە نوێیە لەسەر زەمینەی بەیاری سەدەکانی ناوەڕاست شین بووە و هاتۆتە بەر:

– زانستی نوێ ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە پێشبینی دواڕۆژ بکات و پێشیانە چاوەڕێی ڕوودانی شت بکات و ئامانجیشی کۆنترۆڵکردنی سروشتە بۆ بەکارهێنانی بۆ سوود و قازانجی گشتی، بەڵام ئەوەی بە زانستی سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوە و ناودەبرێ ئەرک و ئامانجی تری بە تەواوەتی جیاوازی هەبووە:

سەرنجدانی سروشت و تێگەیشتنی نەک کۆنترۆڵکردنی، ئامانجەکەشی دانایی و ژیری و تێگەیشتنی نهێنی و واتای شمەکی دەوروبەر و ژیانی مرۆڤ و بیرۆکەی داهێنان و پێوەندی بە مرۆڤەوە بووە(٥).

بەو پێیە– ڕەب– دەسەڵات و توانایی و خەسڵەت و سروشتەکەی کە واتابەخشی بوون بووە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی ئەو زانستە بووە، خۆ ئەگەر قسە لە پرۆسەی زانین کرابێ مەبەستی زانینی ڕەب بووە کە لەلای غەزالی بە (علم الله بالکلیات و الجزئیات) ناوبراوە و بۆتە مایەی هێرش بردنە سەر فەیلەسووفەکان.

ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا بە زانا و زانست پەروەر ناوبراون، لە دامودەزگاکانی کڵێسەی مەسیحیدا خوێندوویانە و پەروەردەکراون و بە کردەوە بەشێک بوون لە دامەزراو و ئۆرگانەکانی!

پەرەسەندنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، دەرکەوتنی شار و بازێڕی گەورە، ئاگاداربوون لە کولتووری وڵات و میللەتانی دیکە ئیتر بەهۆی گەشت و پێوەندی بازرگانی بووبێ، یان بەهۆی دۆزینەوەی جوگرافیایی و ڕەوشێکی ئەوتۆی داهێناوە و هێناویەتییە ئاراوە، چاوخشاندنەوە و وەرگیران و کارابوونی زمانی نەتەوەیی سەرلەنوێ تاووتوکردنی جیهاندیدی فەرمی کڵێسەی عیسایی کردووە بە پێویستییەکی ناچاریی.

فەلسەفەی ئەرستۆ بەو دەسکارییانەی کراوە لەگەڵ فەلسەفەی تۆماسی ئەکوین دەکرێ بە بەزاندنی سنووری ئەوسای ئایدیۆلۆژی مەسیحیەت و جومگەکانی

دامەزراوە ئایینییەکانی کلێسە هەژمار بکرێت. ناکرێ کردنەوەی زانکۆکان لەو سەردەمەدا لەبەرچاو نەگیرێ کە لە پێگەیاندنی کادیری ڕۆشنبیری خاوەن توانایی و زانست پەروەری ئەو سەردەمە ڕۆڵی کارایان گێڕاوە. ئەو ڕەوشە لە ئەنجامی سەرجەم هۆکاری جیا و هەمەجۆر بووە ئەو دۆخەی لێکەوتەوە کە بە ڕێنسانس ناوبراوە. لەو ڕەوشەدا چاکسازییە ئایینییەکە لە بڕواو باوەڕ (عەقیدە و ئیمان)دا و چاکسازییە زانستییەکە لە شێوازی زانستیدا کراوە.

٦- لەگەڵ دەرکەوتنی شار و باژێڕ پیشە و سنعات و بازرگانی، هەست و زمان و کولتوور و دەوڵەتی نەتەوەیی پەیدابوون و ئەگەر پێشتر (مەسیحی بوون) جێگای شانازیی پێوە کردن بووبێ لەو ڕەوشەدا سەر بە نەتەوە ئەو بابەتە بووە کە مرۆڤ شانازی پێوە کردووە. سیاسەت جێگای ئایین و ئیمپراتۆر و شا و میرەکان جێگای کلێسە و پیاوانی ئایینیان لەق و لاواز کردووە. ئاراستەی کۆششی پێشکەوتنی کولتووری و زانستی لەلای خۆیەوە وەک ئاراستەی هەستی تاکەکەسی لە گۆڕەپانی رکەبەری بەرەو پێشچوون و گەشەکردندا برەویان پێ دراوە.

- پشت ئەستوور بە سەرچاوەکان، ئەگەرچی بزووتنەوەی چاکسازی ئایین و بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەریی Humanism ڕۆڵی کارایان گێڕاوە، بەڵام نەیانتوانیوە بەپێی پێویست و بە تەواوەتی بیروبۆچوونی خەڵک و باوەڕیان بگۆڕن. ئەوی ئەو کارەی کردووە زانست بووە بەگشتی، فەلسەفەی زانست بە تایبەتی، توانیویەتی جیهانێکی نوێ (مۆدێرن) دابمەزرێنی کە بتوانێ جێگای جیهانە کۆنە بۆماوەکە بگرێتەوە. لە جیاتی ئەوەی بایەخ بەسەرووسروشت و جیهانی دوای مردن بدرێت و بە چاوی سووک سەیری سروشت (مادده) بکرێت، هەوڵی زانینی هۆکاری ڕاستەقینەی قەومان و ڕووداوی شمەکەکان دراوە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی سروشت و فراوان کردنی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی مرۆڤایەتی لە پێناوی بەختەوەریی و پێشکەوتن و چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی کێشەکانی ژیان و دانانی بەردی بناغەی ئەو دوارۆژەی مرۆڤ بە ئاواتییەوە بووە.

- ئەو سنوورە تەسک و تەنگەبەرەی دامودەزگا ئایینییەکانی کلێسە ڕەنگیان ڕشتبوو، بەهۆی بزووتنەوەی بازرگانی و دۆزینەوەی ناوچەی ترو گەشتی کەشتی و پاپۆڕە بازرگانییەکان، بۆ نموونە کۆلۆمبس کێشوەرێکی نوێی بەرێکەوت دۆزییەوە، ئەمانە بەگشتی بوونەتە مایەی فراوان کردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و ژیانی ژیرەکی. ئەو ئاسۆ فراوان بوونە و ناسینی گەلانی تر و بازاڕ و بازرگانی و شارەزا بوون لە کولتوور و شارستانی گەلانی دیکە هۆکارێکی کارای سەرکەوتنی شارستانیەتی سیڤیل و سنعات و برەودان بووە بە پیشەسازی شار و باژێڕ و بازرگانی و هاندانی کار و چالاکی زانستی. لەلایەکی ترەوەە خەڵک پتر باوەڕیان بە جیهاندیدە ئایینییەکەی کلێسە و دامودەزگا و دوگمەکانی لاواز بووە، بگرە لێی بێ ئومێد بوون، بۆیان ساغ بۆتەوە کە بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی و ڕێنیسانس پێشکەوتنیان لە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابوردوو دیوەتەوە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی عیسای مەسیح و کولتووری کۆنی یۆنان لە کاتێکدا زانست پشت دەکاتە ڕابوردوو، چاودەبڕێتە ئاسۆی بێ سنوور فراوانی دوارۆژ! ئەمەیە مەبەست لە هەردوو چەمکی (زانستی و هەست و نەستی) فراوانی جیهانیی و گەردوونی!

٧- پرۆسەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی فەلسەفەی سروشت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەگەرچی هێدی و لەسەرخۆبووە، بەڵام درێژخایەن بووە، بەگشتی لە سەدەی دوازدەی زایینەوە دەستی پێ کردووە، ئەو پرۆسەیە بە دوو ئاراستەدا هەنگاوی ناوە و بەرەو پێشەوە تەکانی داوە:

- ئاراستەیەکی تیوری کە بریتی بووە لە دانانی میتودەیەکی نوێ کە لەگەڵ پەرەسەندنی زانستدا بگونجێ.

- ئاراستەیەکی پراکتیکی - کردەکی لە چوارچێوەی دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کۆمەڵگاوە پەیدابووە و سەرئاو کەوتووە، بە تایبەتی پەیدابوونی بازرگانی و سنعات و پیشەسازی کە پێویستیان بە کەرەسە و ئامرازی نوێ هەبووە. دیکارت ڕابەری ئاراستەی یەکەم و فڕەنسیس بیکۆن نوێنەری ئاراستەی دووەم بووە. یەکەمیان لەتوێژینەوەیەک دەربارەی میتودە و دووەمیان لە ئۆرگانۆنی نوێدا پوختەی ئەو دوو ئاراستەیەیان دەربڕیوە و بەرجەستە کردووە:

- لە چوارچێوەی سەرگەرمی گەڕان بە دوای میتودەی دروستی توێژینەوەی زانستیدا هەردوو بابەتی بیرکاری و ئەندازە نموونە (پەڕەدیگما) بوون. بیرکاری زانستێکی ڕوخسارەکییە، ئەو کەرەسەی توێژینەوەی لەسەر دەکات لە چەند فۆرم و ڕوخساری بێ ناوەرۆک کە لە مێشکی توێژەردان، بەو لاوە شتێکی دیکە نییە. بۆ نموونە ژمارە، چوارگۆشە چەمک و سیمبۆلن و تەنیا هەر فۆرم و ڕوخساریان هەیە. لێرەوە کە مرۆڤ لە میتودەی دیکارت ورد دەبێتەوە ئەو لایەنەی بۆ ساغ و پشت ڕاست

دەبێتەوە. دیکارت لە دوو جێگای شاکاری «دەربارەی میتودە» لەو بارەیەوە قسەی کردووە:

هێز و توانایی بە ڕاستودروستی بڕیاردان، ئەوی مرۆڤ بە «تێگەیشتنی ناوکۆیی ساغ و سەلیم» ، یان بە «ژیر» ناوی دەبات لە سروشتەوە بە یەکسانی بەسەر مرۆڤدا دابەشکراوە. جیاوازی ڕاو بیروبۆچوونەکانمان لەوەوە نەکەوتۆتەوە هەندێک لە هەندێک کەسی دیکە ژیرترن، بەڵکو لەوەوە هاتووە ئێمە بە شێواز و ڕێگای جیاواز هزرمان (بیر) بەکاردێنین و هەموو وەک یەکتری سەرنج و بایەخ بە هەمان شت نادەین. تەنیا هەر ئەوە بەس نییە مرۆڤ توانایی ساغی ژیریی هەبێ، بەڵکو گرینگ و هونەر لەوەدایە بەڕاستی و بە چاکی بەکاری بهێنین(٦) .

لەو قسەیەی (دیکارت)دا دەردەکەوێ کە کێشەی چارەنووس هیچ بنەمایەکی نییە. مرۆڤەکان لە سروشتی ژیر و هزردا یەکسانن و کار و کردەوە و چۆنێتی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تواناییەکان، مرۆڤەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە، ئەمە لە خۆیدا گەڕانەوەیە بۆ سەر مرۆڤ و کێشەکانی و دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە هیچی ئەوتۆیان لێ نەکەوتۆتەوە.

– کۆنترۆڵکردنی سروشت بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ بەوە دەبێ توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ڕووداوەکانی لێکبدرێنەوە، ئەمەیە ئامانجی زانست، بۆیە دەبێ ئاراستەی فەلسەفەی سروشت- زانست- بەلایەکی دیکەدا بچێ و ڕابوردوو بەجێ بهێڵێ. دیکارت گوتویەتی؛ دەبێ مرۆڤ بزانێ چی سوودبەخشە بۆ مرۆڤ و چی وانییە و چ دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ خۆی بەسەر سروشتدا ئاغایەتی بکات و مرۆڤ بەدڵنیاییەوە ئەو تواناییەی هەیە:- «دەکرێ مرۆڤ ئەو شتانە بزانێ کە بە کەڵکن و قازانجی ژیانیان تێدا هەیە. لە جیاتی ئەو فەلسەفە تیۆرییەی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێ، دەکرێ لە جیاتی ئەوە فەلسەفەیەکی دیکە کە کردەکی بێت بدۆزرێتەوە، فەلسەفەیەک هێز و توانایی و سوودی ئاگر و ئاو و هەواو ئەستێرە و کەرەسەکانی ئاسمان و گشت ماددە و لەشەکانی دەوروپشتمان پێی دەناسێنێ و دەیانزانین، هەروەک چۆن ئێمە تەکنیکی جیا جیای بەکارهێنانی پیشە و ئامرازەکانی کارکردنمان دەزانین هەر بەو شێوە و ڕێگایە دەتوانین بۆ ئەو ئامانج و مەبەستانەی بۆیان دەگونجێن و شیاون و لەگەڵیاندا دێنەوە بەکاریان بهێنین، ئیتر بەو پێیە دەتوانین لەسەر سروشت ئاغایەتی بکەین(٧) .

– ئەگەرچی ئەو کۆششانە بوون کە توانییان، بەڵام بەهێمنی و لەسەرخۆ جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست بکەین بە ڕابوردوو، دەرگای چوونە ناو سەردەمی نوێ بە پشتیوانی توانایی ژیری مرۆڤ و زانست ئاوەڵا بکەنەوە، بەڵام ئەو گۆڕانە پێویستی بە ئامراز و کەلوپەل و مرۆڤی شیاوی خۆی هەبوو کە جێبەجێ کردنی گران بووە و زۆریان لەسەر کەوتووە، بگرە هیچ دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین بۆتە مایەی ژیان لەدەستدان، بەڵام ئەو کۆششە کە ڕەنجی ساڵەهای شەونخوونی و ئارەقە ڕشتن بووە، ئەو کولتوورەی سەدەکانی ناوەڕاست کە سروشتی پیرۆزیی و نەمریی درابووە پاڵ ڕەوانەی موزەخانەی مێژوو کرد!.

بەڵام هەر لەو سەردەمەوە زانست دەستی بەوە کرد ماڵی خۆی بکات و وردە وردە لە فەلسەفە جیاببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان بەبێ هاوکاری و کۆمەک بەیەکتری کردن سەرکەوتوو نابن، چونکە زانین وەک پرۆسەیەکی نەپساوەی بەردەوام ئیتر فەلسەفەیی بێت، یان زانستی لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کاروباری مرۆڤ و سروشت بەولاوە شتێکی تر نییە. لەلایەکی دیکەوە ئەو دوو لقەی چالاکی مرۆڤ: فەلسەفە و زانست ئەگەر لە هەندێک لایەندا لێک دوورکەوتبنەوە، ئەوە لە میتودە و پەیڕەو و ڕێبازدا پێکەوە دێنەوە: ڕەخنەکردن، شیکردنەوە و لێکدانەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Bertrand Russell: Philosophie des Abend Landes. Wien 2000. S.314.**

**2- Ernst Von Aster: Raum und Zeit in-der Geschichte der Philosophie und Phusik. Bermen 2013. S.61. ff.**

**3- Augustinus: Bekenntnisse. Insel Verlag. Frankfurt am Main 1987. S.629. ff.**

**٤- جون هرمان راندال: تكوين العقل الحديث، ت: د. جورج طعمة، ج١ ، بيروت، ١٩٥٨ ، ص٨١ فما بعد، بالاشتراک مع مؤسسة فرانكلين.**

**٥- جون هرمان راندال: هەر سەرچاوەی پێشووی خۆی، لاپەڕە (١٦٠-١٦١) ، هەروەها لە چەند شوێن و لاپەڕەیەکی تردا.**

**6- Rene Descartes: Abhandlung uber die Methode. Meiner Verlag Hamburg 1969. Parag. 1-1.**

**7- Rene Descartes: Ebenda. Parag. 6-2.**